سەيد حەكيم وێراى ئاستەنگە ئابووريەكان گەشبينى خۆى بە داهاتووى عێراق دەربڕێت

بەڕێز سەماحەتى سەيد حەكيم سەرۆكى هاوپەيمانێتى هێزە نيشتمانييەكانى دەوڵەت سەردانى ميوانخانەى شێخ محەمەد كلحى ڕێكانى كرد و لەوێ چاوى مەوت بە كۆمەڵێك شێخ و پياوە ديارەكانى دهۆك كەوت و لەم ديدارە باسى پەيوەندى مێژوويى خانەوادەى حەكيم و گەلى كوردستان كرد لە ڕووبەڕووبوونەوەى ديكتاتۆريەت و گوتيشى ئێستا پاش گۆرە بەكۆمەڵەكان و كارەساتى هەڵبجە و خەڵكەكە ئازادە و بەشكۆ و كەرامەتەوە ژيان بەسەر دەبات پاش ئەوەى ديكتاتۆريەت بۆ هەتاهەتايە ڕۆيشت، گوتيشى پێويستە هەميشى پەيوەندى نێوان رۆڵەكانى ئەو گەلە بەكوردستانيش پتەو بێت، بەرپرسياريتى هەڵبگرن.

بەرێزيان ڕايگەياند كە كێشە هەر دەبێت و ڕەنگە لە وڵاتێكى وەك عێراقدا ئاسايى دەركەوێت، هەروەها ناكۆكى شەرمەزارى نييە؛ بەڵكو شەرمەزارييەكە لە بێتوانايى چارەسەركردنى ناكۆكييەكاندا يە،گوتيشى دەستوو بەڵگەنامەيەكى نيشتيمانييە كە هەموو عێراقييەكان لەسەرى ڕێككەوتوون، هەروەها داواى گەڕانەوەى بۆ دەستوور كرد لە كاتى ناكۆكييەكان لەگەڵ پەنا بردن بۆ دادگاى فيدراڵى بۆ لێكدانەوەى كرد، جەختيشى كردەوە لەسەر پتەوكردنى متمانە لەنێوان هەموو لايەنەكان، ئاماژەى بەوەشكرد، قۆناغى ئێستا يەكێكە لە حوكمڕانى عێراقييەكان.

سەيد حەكيم جەختى لەوە كردەوە كە عێراق تەنيا دەتوانرێت بەراورد بكرێت بە خۆى، وە دۆخى ئێستا بەراورد دەكرێت بەو دۆخەى پێشتر هاتووە،هەروەها ستايشى هەوڵەكانى گەلى عێراقى كرد لە ئاوەدانكردنەوەى وڵاتەكەيان و پابەندبوون بە گفتوگۆ و لێكتێگەيشتن و سازان و نيشاندانى نەرمى لە چارەسەركردنى قەيرانەكاندا.
سەيد حەكيم گەشبينى خۆى بە داهاتووى عێراق دەربڕى سەرەڕاى سەختى دۆخى ئابوورى، چونكە شەڕى ئێستا بەهۆى كاريگەرييەكانى لەسەر هەموو جيهان ناتوانرێت درێژبكرێتەوە. داواى كرد وانە لە قەيرانى ئێستا وەربگرين لە ڕێگەى هەمەچەشنكردنى ڕێگاكانى هەناردەكردن لە ڕێگەى تۆڕێكى بۆرييەوە بۆ دەرياى سوور و دەرياى ناوەڕاست، هەروەها لە ڕێگەى هەمەچەشنكردنى ئابوورى لە ڕێگەى بوژاندنەوەى كەرتە بەرهەمدارەكانى وەك كشتوكاڵ، پيشەسازى، گەشتيارى، وەبەرهێنان، و تەكنەلۆژياى مۆدێرن. هەروەها داواى پاشەكەوتكردنى داهاتى نەوتى كرد بۆ ئاوەدانكردنەوە و گەشەپێدان و نەوەكانى داهاتوو...